## سەفین کانەبی
## سەرۆکی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان:

# کەی بووینە خاوەنی یاریزان و راهێنەری زۆر بەتوانا ئەوکات بارەگایەکی تایبەت بەخۆمان دەکەینەوە

*** سالانە لە کاتی خۆی خەڵاتەکانتان دابەش ناکرێ، تاکەی رێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکانتان دوادەخرێ و تا چەند بەرپرسان هۆکاری ئەوەن؟**

- هیچ پەیوەندییەکی بە بەرپرسانەوە نییە، ئەوە بەرنامەی خۆمانە، هەموو ساڵێك پێمان باشە بەم جۆرە بکرێت و مەراسیمێکی شایستە بۆ ئەو یانەو یاریزان و راهێنەران و سەرۆك و دەستەی کارگێڕیی تیپەکان ساز بکرێت کە ئەنجامی شایستەیان بەدەست هێناوە.

*** خەڵاتی یانە براوەکان ٧٥٪ بۆ یانەکانەو ٢٥٪ بۆ یاریزانانە، ئایا ئەمە زوڵم نییە لە یاریزانان دەکرێت؟**

- ئەو خەڵاتە هەموو تیپەکان ناگرێتەوە، چونکە تیپی لاوان و تازەپێگەیشتوان هەمووی بۆ خۆیانە، واتا یاریزانان و راهێنەران، بڕۆن لە یانەکانی هەولێر و زێرەڤانی بپرسن، بەڵام ئەمساڵ قەیرانێکی دارایی سەخت کوردستانی گرتۆتەوە و بەرۆکی یانەکانیشی گرتووە، کێشەی دارایی بۆ سەرجەم یانەکان دروستکردووە، چەندین یانە نەیانتوانیوە مووچە و گرێبەست بە یاریزانان بدەن، ئەو یانانەی سەرکەوتووش بوون، ناتوانن بڵێین هەمووی بۆ یاریزانانە، چونکە پارەیەکی زۆریان سەرف کردووە، لەم بڕیارەش چاوپۆشیمان کردووە، ئەمساڵ دووبارە بڕیارمانداوە یانەکان لەو خەڵاتە سەر پشك بکەین.

*** دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە کاتی دانانی سەرپەرشتیاری یارییەکان ئەندامانی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان کێبڕکێیانە لەسەر وەرگرتنی ئەرکی سەرپەرشتیاریی یارییەکان و شوێنی باش بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن؟**

- ئەو دەنگۆیانە هیچ راستییەکیان نییە، بەڵام ئەوانیش وەکو خەڵکانی دیکە دادەنرێن و لەوانیش کەمتر نین، گەر زیاتریش نەبن، لە کۆبوونەوەی رابردووشدا باسمان کردووە، چاوێك بەم بڕیارەدا بخشێنینەوە و کەسانی پسپۆڕ دابنێین، بەتایبەتی ئەوانەی زۆر شارەزان بۆ ئەوەی کێشەکان لە نێو یاریگە کەمتر بێتەوە.

*** کەواتە ئەمساڵ ئەم بڕیارەی ئێوە جێبەجێ دەکرێت؟**

- تاکو ئێستا بڕیاری کۆتایی لەسەر نەدراوە، بەڵام ئەو باسە خراوەتە گفتوگۆ.

*** دەنگۆی زۆر هەیە کە ئەگەر سەفین کانەبی لە کۆبوونەوەکانی یەکێتیی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان نەبێت، ئەوە یەکێتییەکە بۆی نییە هیچ بڕیارێك بدات، بگرە ناتوانن یەك دیناریش سەرف بکەن، ئەمە تا چەند راستە؟**

- شتی وا نییە و دەتوانن ئەم پرسیارە لە ئەندامانی یەکێتیەکە بکەن، من ناتوانم بەرگری لەخۆم بکەم، بەڵام زۆرجاریش من لە کۆبوونەوەکان ئامادەش نەبووم و کارەکان بەڕێوەچووە و بڕیاریش لەسەر زۆر بابەکان دراوە، خۆ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان تەنیا سەفین کانەبی نییە.

*** تا کەی بڕیارتان داوە هەڵبژاردن نەکەن، خۆ بە تەنیا ئێوە نیازی ئەوەتان نییە هەر خۆتان ئەم ئەرکە بەڕێوە ببەن؟**

- هەڵبژاردەنی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان لە دەستی ئێمە نییە، ئەوە لیژنەی ئۆڵۆمپیی هەرێمی کوردستانە بڕیاری لەسەر دەدات، لیژنەی ئۆڵۆمپیش ناتوانێ سەربەخۆ بڕیار بدات، تاکو یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان دەرنەچێت، کەس ناتوانێ هەڵبژاردن بکات.

*** بۆچی هیچ قسەیەکتان لەسەر شکستی هەڵبژاردەی کوردستان لە پاڵەوانێتیی ڤیڤا نەبوو ؟**

- چۆن قسەمان نەبووە، ئەو ئەنجامە چاوەڕوان دەکرا، لە یەکەم کۆبوونەوەمان لە سوید پێشبینی ئەوەمان دەکرد کە نەتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، چونکە ئاستی تیپەکانی بەشداربوو زۆر بەرز



سـەفین کانەبی لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٧ی شاری هەولێرەو لەوەتەی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان دامەزراوە، سەرۆکایەتیی یەکێتییەکە دەکات. هاوکات ئەمینداری دارایی لیژنەی ئۆڵۆمپیی هەرێمی کوردستان و ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی هەولێـرە و یەکێك لە یاریزانە دێرینەکانی پێشـووی یانەی هەولێـر بووە. لە ماوەی سـەرۆکایەتیی یەکێتیـی ناوەندیی تۆپی پێی کوردسـتانیش خزمەتێکی زۆری بە وەرزشـی تۆپی پێ لە کوردسـتان کردووە و بۆ پێشخستنی ڕەوتی وەرزشی لە کوردستان بەردەوام لە خزمەتی وەرزشـکاراندا بووە. لەم دیمانەیەشـدا وەڵامـی چەنـد پرسـیارێکی گوڵان دەداتەوە.

**دیمانە: کارزان کانەبی**

بوو، یاریزانانی ئەوان ئاسـتیان لە ئێمە زۆر بەرزتر بوو، ئەوانەی لە پشـووی هاوینەدا بوون، هەموو یاریزانـەکان لەگەڵ هەرێمەکانیان هاتبوون، یاریزانەکان هەمووی لە خولە بەهێزەکانی ئەوروپا یارییان دەکرد، بۆیە تیپەکان ئاستیان لە ئێمە باشتربوو.

*** بڕیارتـان نەداوە ئەندامێکی ئافرەت لە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان زیاد بکەن؟**

- ئەو بڕیارە لە دەستی من نییە، دەگەڕێتەوە بۆ لیژنەی ئۆڵۆمپی لە کاتی جێبەجێکردنی یاسـاکە و هەڵبژاردنـی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، ئەوکات بزانین چۆن دەبێت.

*** بۆچی هیچ هەڵوێستێکتان لەسەر لیژنەی ناوبژیوانانی هەولێر نییە و هەر یەکێك لە شوێنێك بۆ خۆی مەشق دەکات؟**

- دەتوانن ئەو پرسـیارە ئاراستەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق لقی هەولێر بکەن، ئەوە کاری ئەوانە و پەیوەندی بەوانەوە هەیە، زۆرجار کۆمانکردوونەتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەڵام ئەو کێشانە پەیوەندیی بەخۆیان هەیە.

*** تاچەند توانیوتانە سـوود لەوە وەربگرن کە سـەرۆکی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراقی کوردە و خەڵکی هەولێرە؟**

- بەپێچەوانـەوە ئێمە هەمـوو کات پەیوەندیمان لەگەڵ یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی عێراقی بەهێز بووە، ئێسـتاش بەهێزترە، بۆ ئێمە باشـترە کە سـەرۆکەکەی کوردە، هەوڵیش دەدەین کاری باشتر بە هەماهەنگی ئەوان بۆ کوردسـتان بکەین، بـە تایبەتی لە رووی پەیوەندییەکانەوە.

*** زۆرجـار گلەیی ئەوەتان لێ دەکرێت لە زۆربەی گەشـتەکان خۆت یاوەری شاندەکان دەکەی؟**

- زۆر جار سـەفەر دەکرێت، ئـەوە هیچ پەیوەندی بەمنەوە نییە، چونکـە من خاوەنی فیزەی شـنگلم، هەرکاتێك بمەوێ سـەفەر دەکەم، گەشـتی سوید کاك سـەرکار سەرۆکی شـاند بووە، من هەموو گەشتەکانم کە پەیوەستە بەخۆم لەسەر حیسابی خۆم دەچم، دەشـتوانن سەیری گەشـتەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش بکەن کە ناوی من لە هیچ شـتێکدا نییە، چوونی منیش بۆ هەر گەشتێك ئەوە بۆ شاندەکان پشتگیرییەکی باش دەبێت.

*** ئەمساڵیش خولی کوردستان هەر بە قەرز بەڕێوە دەچێت؟**

- بابەت قـەرز نییە، حکومەتی هەرێـم و مووچەخۆرانیش کە چەند مانگێکە مووچەیان وەرنەگرتووە، ئێمەش نامانەوێ زۆر فشار لەسـەر حکومەت بکەین، بۆیە ئارام دەگرین، سوپاسی حکومەتی هەرێمیش دەکەین کە هەموو کات پشتگیریی ئێمەی کردووە، جارێ چاوەڕوانی گەیشتنی بودجەین لە بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان.

*** ئامادەکاریتـان چۆنـە بـۆ بەڕێـوە بردنی خولـی نایابی کوردستان؟**

- هەموو ئامادەکارییەکانمان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین شێوە خولەکە بەڕێوە ببەین.

*** بۆچی تاکو ئێسـتا یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردسـتان بارەگایەکی تایبەت بە خۆی نییە؟**

- ئەو پرسـیارە زۆر جار دەکرێت، بەڵام من بۆچوونێکی ترم هەیە بۆ ئەمە، ئەگەر بمانویستبایە دروستی بکەین، بەتایبەتی من هەوڵم بدایـە زۆر دەمێکە دەبووینە خاوەنـی بینایەکی تایبەت بەخۆمان، بەڵام لە بینا زۆر گرنگتر هەیە لای من، پێویسـتە ببینە خاوەنی یاریزان و ڕاهێنەری زۆر ئاسـت بەرز و بەتوانا بۆ ئەوەی پێویستمان بـە ڕاهێنەری دەرەوە نەبێت، هەروەها دەبێت ببینە خاوەنی یاریگەی مۆدێرن و ناوبژیوانی زۆر ئاسـت بەرز، کەی بووینە خاوەنی ئەم شتانەی پێویسـتمانە ئەوکاتیش دەبینە خاوەن بارەگایەکی تایبەت بەخۆمان کە ئەمە زۆر قورس نییە.

**ئەمساڵ قەیرانێکی دارایی سەخت کوردستانی گرتۆتەوە و بەرۆکی یانەکانیشی گرتووە**

## تۆنی کرۆس:

# ریال مەدرید گەورەترین یانەی جیهانە



یاریزانی نێودەوڵەتی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی تۆنی کرۆس بۆ رۆژنامەی 11Freunde ئەڵمانی رایگەیاند: خۆشحاڵم بەهاتنم بۆ ریزی تیپی شاهانە و ئەمە هەنگاوێکی گرنگە لە ژیانی وەرزشیم، چونکە ئەوەی دەبینرێ یانەی ریال مەدرید باشترین یانەیە لە جیهان. ئەمەو رۆژنامەی ناوبراو چەند پرسیارێکی ئاراستەی تۆنی کرۆس کردووە سەبارەت بەوەی ئایا مەدرید گەورەترین یانەی جیهانە؟ لەوەڵامدائەو یاریزانە وتی: بەدڵنیاییەوە لەمنداڵییەوە خەونم بەوە دەبینی رۆژێك بتوانم جلی ئەو یانەیە بپۆشم، هەرچەندە یاریم بۆ یانەی گەورەش کردووە، لەوانە بایرن میونیخ، بەڵام بە بڕوای خۆم ریال مەدرید گەورەترین یانەیە.

سەبارەت بەو تیپانەی کە هەمیشە کێبڕکێیانە تۆنی کرۆس ئاماژەی بۆ ئەوە کرد هەرچوار یانەی ریال مەدرید و بەرشلۆنە و بایرن میونیخ و مانچستەر یونایتد هەمیشە بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکان رکابەری یەکتربوون.

دەربارەی پاڵەپەستۆی یاریکردنیش لەگەڵ ریال مەدرید یاریزانی ئەڵمانی تۆنی کرۆس وتی: بەڵی پاڵەپەستۆیەکی زۆر گەورە هەیە لە ریال مەدرید، چونکە ئەو تیپە هەمیشە کۆشش دەکات بۆ بەدەستهێنانی بردنەوە لەگشت یارییەکانی و شێوازی یاریکردن لە ریال جیاوازە لەگەڵ بایرن میونیخ.
لەکۆتایی قسەکانیدا تۆنی کرۆس رایگەیاند: ئێستا لەبارودۆخێکی زۆرباشین لەگەڵ تیپەکەمان و هیوادەخوازین بتوانین نازناو و پاڵەوانیەتییەکان لەگەڵ یانەی شاهانە بەدەست بهێنین.

# ئەنخیل دی ماریا : کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە یانەی ریال مەدرید خۆشحاڵ نییە




یاریزانی یانەی مانچستەر یونایتد و یاریزانی پێشووی ریال مەدرید ئەنخیل دیماریا مکوڕبوونی خۆی راگەیاند لەمەڕ یاریزانی هاوڕێی کریستیانۆ رۆناڵدۆ کە لە ریزی یانەی شاهانە خۆشحاڵ نییە. لەمبارەیەوە پێگەی سکاواکا لە زاری دیماریا گواستوویەتەوە کە لێدوانەکانی ئەم دواییەی رۆناڵدۆ ئاماژەیەکی روونە بۆ نیگەرانی و خۆشحاڵنەبوونی ئەو یاریزانە لەگەڵ یانەی ریال مەدرید، بەتایبەت دوای ئەوەی لەلایەن کارگێڕی یانەکە وەڵامی درایەوە.
دیماریا سەبارەت بەچارەنووسی رۆناڵدۆ روونیکردۆتەوە کە هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ لەبارەی دوارۆژی رۆناڵدۆ نازانیت لەگەڵ ریال مەدرید، بەڵام پێیوایە لەماوەی داهاتوو لەگەڵ یانەی ناوبراو بەردەوام دەبێت. پێویستە بوترێت ئەنخیل دیماریا لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەی ئەمساڵ بە پێی گرێبەستێکەوە لە یانەی ریال مەدرید بۆ یانەی شەیتانە سوورەکان گواسترایەوە.

# یانەکانی ئەوروپا بە بۆچوونەکانی بلاتەر رازی نین



یانەکانی ئەوروپا رەتیانکردەوە ئەنجامدانی یارییەکانی پاڵەوانیەتی جامی جیهانی ٢٠٢٢ کە بڕیارە لە قەتەر بەڕێوەبچێت، کاتەکەی گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵکو بە پێویستی دەزانن هۆکاری بەهێز و یەکلاییکەرەوە هەبێت بۆ گۆڕینی کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکان لە وەرزی هاوینە بۆ وەرزێکی تری ساڵ کە وەرزی زستانە.

هەروەها یەکێتی یانەکانی ئەوروپا دژی بۆچوونی سیب بلاتەری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتین بە گۆڕانکاری لە کاتی بەڕێوەچوونی پاڵەوانیەتییەکە لەوەرزی هاوینە، بەڵکو تەکنەلۆژیای فێنککەرەوەی قەتەر کە پێشکەشی کردووە، بەشێکی گرنگ و سەرکەوتووە بۆ میوانداریەتیکردنی ئەم پاڵەوانیەتییە لەکاتی خۆی.

لەلای خۆیەوە جێگری سەرۆکی یەکگرتووی یانەکانی ئەوروپا ئۆمبرتۆ جاندینی بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند: زۆر گرنگە هۆکارێکی بەهێز و بڕواپێهێنەر بەدەست بهێنین، بۆ رازیکردنی بەرپرسانی تۆپی پێی ئەوروپا لە پێناو هەنگاونان بۆ گۆڕانکاریکردن لەکاتی بەڕێوەچوونی یارییەکان، چونکە ئەم کارە سەرکێشییەکی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەپێچەوانەوە هەر گۆڕانکارییەك لەکاتی بەڕێوەچوونی یارییەکان مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر تەواوی تۆپی پێی جیهانی .

شایانی باسە جۆزێف سیپ بلاتەر سەرۆکی فیفا پێشنیاری کردووە کاتی ئەنجامدانی یارییەکانی مۆندیالی قەتەر ٢٠٢٢ بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە وەرزی هاوین بۆ وەرزی زستان بگۆڕدرێت.

# خولی هیندستان لە نەبوونەوە بۆ جیهانی بوون

**زۆربەمان کاتێك باسی هیندستان دەکەین، یاخود گوێبیستی ناوی هیندستان دەبین، ئەوە تەنیا فیلمی هیندی و ئەکتەرە بەناوبانگەکانی وەك ئەمیتا باباجان دێتەیادمان، یاخود ئەگەر باسی وەرزشی هیندستان بکەین، ئەوە تەنیا لە یاری کریکیت دەستکەوتی هەیە و لە وەرزشەکانی دی تەنیا ئەنجامدانی ئەرکە، چونکە هیچ تیپێکیان نییە شایستەی باسکردن بێت، بەڵام لەم چەند ساڵەدا ئابووری هیندستان رووی لە بەرزبوونەوە کردووە، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی هیندستان پلانێکی پێشکەوتنی بواری تۆپی پێی هیندی کردە ئامانج، کە سوودێکی زۆری بۆ ئەم یارییە لەو وڵاتەدا دەبێت. هەروەها دەبێتە هۆکاری زیادکردنی خۆشەویستی یاری تۆپی پێی لە هیندستان و جەماوەری زیاتر روو لە یاریگەکانی ئەم وڵاتە دەکەن. هەرچەندە ئەم پرۆژەیە پێویستی بە بڕە پارەیەکی یەکجار زۆر هەیە، بەڵام بودجەیەکی تایبەتی بۆ دابین کراوە، کە لە داهاتوودا سوودێکی زۆری بۆ ئەم وڵاتە دەبێت. رەنگە پێشتر هەڵبژاردەکانی عێراق و ناوچەکە بە چاوێك سەیری هیندستانیان دەکرد، کە سەرکەوتن بەسەر ئەو وڵاتەدا ئاسان بێت، کەچی دەبێت لە داهاتوو حیسابێکی جدیتر بۆ هەڵبژاردەی هیندستان بکەن، بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئەنجام دراون.**

راپۆرت: رێبین رەمزی

**پرۆژەکە چییە؟**

یەکێتی تۆپی پێی هیندی بڕیاری داوە لە سەرەتای مانگی ١٠ی ئەمساڵ خولێك بە ناوی (خولی سوپەری هیندی) بۆ هەشت یانەی هەشت شاری ئەو وڵاتە بکاتەوە. ئەم خولە ماوەی ١٠ هەفتە دەخایەنێت. بەپێی سیستمی ئەم خولە هەر یانەیەك بۆی هەیە (٨) یاریزانی پیشەگەر بهێنێتە ریزەکانی، بەمەرجێك دەبێت یەکێك لەم هەشت یاریزانە ناوێکی دیاری بواری تۆپی پێی بێت، یاخود دەستکەوتی گەورەی هەبێت، وەکو جامی جیهانی، یاخود ئەوروپا، هەروەها مەرجە هەر یانەیەك (١٤) یاریزانی هیندی لە تیپەکەی بێت، بە مەرجێك نابێت یاریزانانی شارەکە، کە یانەکەی لێیە لە (٤) یاریزان کەمتر بێت.

**چ یاریزانێك پەیوەندی بە خولی هیندی دەکات؟**

ئەگەر کەسێك چاودێری چوون و هاتنی یاریزانەکان بۆ یانەکان نەکات، ئەوە سەیری پێدێت، کە چ ئەستێرەیەك روویان لە خولی هیندی کردووە بە گرێبەستی گرانبەها بۆ ماوەی تەنیا ١٠ هەفتە، کە کەمترین گرێبەست لە یەك ملیۆن دۆلار کەمتر نییە، ئەم ئەستێرانەی خوارەوە پەیوەندییان بە یانەکانی خولی هیندی کردووە:

١- نیکۆلاس ئەنێلکا ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا چووە یانەی بۆمبای هیندی بۆ ماوەی ٣ مانگ بە بڕی یەك ملیۆن دۆلار.

٢-ئەستێرەی پێشووی تۆپی پێی بەرازیل و راهێنەری بەرازیلی زیکو بووە راهێنەری یانەی گوا هیندی بۆ ماوەی ١٠ هەفتە.

٣-ئەستێرەی پێشووی تۆپی پێی ئیتاڵی دیل پێرۆ بە فەرمی چووە یانەی دیلهی دیناموز.

٤-ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا داڤید تریزیگیە چووە ریزی یانەی بۆنی سیتی هیندی.

٥- ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا رۆبێرت پێرس چووە ریزی یانەی بۆمبای هیندی.

٦- هەردوو ئەستێرەی ئیسپانی لویس گارسیا و خوان کابدیڤیا چوونە ریزی یانەکانی خولی هیندی.

٧- ئەستێرەی هەڵبژاردەی سوید لیونبێرگ ئەویش پەیوەندی بە یانەکانی خولی هیندی کرد.

٨-گۆڵچی ئینگلیزی دیڤید جیمس پەیوەندی بە یانەکانی خولی هیندی کرد و لە ریزی یانەی کیرالا بلاسترز ئیف سی یاری دەکات.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، یانە هیندیەکان زیاتر گرێبەستیان لەگەڵ ئەو یاریزانانە مۆرکردووە، کە لە خولی ئینگلیزی یاریان کردووە، چونکە بەپێی ئامارێکی رۆژنامەیەکی ئینگلیزی دەرکەوتووە، کە ٩٠ ملیۆن هیندی سەیری یارییەکانی خولی ئینگلیزی دەکەن، واتا لە (٧,٥٪) ریژەی خەڵکی ئەم وڵاتە هانی یانە ئینگلیزییەکان دەدەن.

چاوەڕوان دەکرێت لە چەند رۆژی داهاتوودا چەند ئەستێرەیەکی دیاری تۆپی پێ پەیوەندی بە یانەکانی تری هیندستان بکەن.



# سبەی هەولێر لە یارییەکی چارەنووسسازدا

## کوردستانییان بە پەرۆشەوە سەیری یارییەکە دەکەن، هەولێرییەکانیش بەڵێنی سەرکەوتن دەدەن

وا بڕیارە سبەی سێشەممە یانەی هەولێر لە یاریگەی ئەمیر محەمەد لە شاری زەرقا لە وڵاتی ئوردن میوانداری یانەی کیتچی هۆنگ کۆنگ بکات لە چوارچێوەی یاری چوونی قۆناغی پێش کۆتایی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی.

ئەم یارییە گرنگی خۆی هەیە، چونکە لە (٥٠٪) ی تیپی سەرکەوتوو بۆ یاری کۆتایی پاڵەوانێتییەکە دەستنیشان دەکات، هەردوو یانەکەش بەشێوەیەکی باش خۆیان بۆ ئەم یارییە ئامادەکردووە. جەماوەری کوردستانیش هیوا و ئاواتێکی زۆر و متمانەیەکی تەواویان بە یاریزانانی یانەی هەولێر هەیە، کە بتوانن لەم وەرزدا دەستکەوتێکی باش بەدەستبهێنین و بگەنە یاری کۆتایی پاڵەوانێتیەکە بەمەبەستی بەدەستهێنانی نازناوەکە.

یانەی هەولێر بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژانە یەکە مەشقییەکانی خۆی لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری ئەنجام دەدا، دواتر ٣ یاری دۆستانەی لەگەڵ یانەکانی (نەفت) و یانەی برایەتی ئەنجامدا، کە تیایدا یانەی هەولێر لە یانەی برایەتی بردەوە بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ و لەگەڵ یانەی نەفت لە یارییەك تووشی دۆڕان هات بە ئەنجامی (٢-١) گۆڵ و لە یاری دووەم سەرکەوتوو بوو بە ئەنجامی (٣-١) گۆڵ. هەروەها ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو شاندەکە چووە وڵاتی ئوردن بە مەبەستی ئەنجامی ئۆردوگایەکی مەشقی کورت لەم وڵاتەدا بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەم یارییە.

بە پێی ئامادەکارییەکان لەم یارییە تەنیا دوو یاریزان بەهۆی پێکان ناتوانن بەشداری بکەن، ئەویش هەریەکە لە (سەرهەنگ موحسین و سیروان خدر)ن، یاریزانەکانی دیکە لە ئامادەباشیدان بۆ یارییەکە و بەڵێنی سەرکەوتنیان داوە و وەرەی یاریزانان یەکجار بەرزە دوای ئەوەی دەستەی کارگێڕی یانەکە لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادەکاری بۆ تیپەکە کردووە، هەرچەندە یانەکە کێشەیەکی دارایی گەورەی هەیە، کە لە زۆربەی کاتەکان نزیك بوو لە ڕێگرتن لە بەردەوامبوونی یانەکە لەم پاڵەوانێتیە، بەڵام دەستەی کارگێڕی یانەکە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەی دا و لە ڕێگەی پەیوەندی تایبەتەکانی خۆیەوە توانییان بڕە پارەی هاتن و چوونی تیپەکە جێبەجێبکەن.

سبەی سێشەممە هەموو کوردستانییان چاویان لە یارییەکەیە و پاڵپشتی خۆیانیش بۆ یانەکە لەم یارییە گرنگ و هەستیارەدا دووپات دەکەنەوە.

